KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
28-4-2007 23:09 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دوکان قەزایەکی بی قایمقام ... هاوولاتیەک لەقەزایەکی بی قایمقامدا

خوێنەرانی خۆشەویست من هەرچەندە نووسەر نیم وشارەزای بواری ڕۆشنبیریی نیم بەڵام وابزانم حاڵی دەسەڵاتی گەندەڵی کورد وابڕوات هێندە بێزارمان دەکەن هەموومان دەست بدەینە قەڵەم و ڕۆژ بە ڕۆژ گەندەڵیەکانی دەسەڵاتدارانی کورد بژمێرین.
منیش وەکو هەر هاوولاتیەکی تری بەدەنگ هاتوو لەگەندەڵی و خەمساردیی بەرپرسان لەئاست کۆمەڵانی خەڵك دەخوازم بابەتێکتان سەبارەت بەقەزای دوکان پێڕابگەیەنم و هەوڵیش دەدەم لەکورتی بیبڕمەوەو درێژەی پێنەدەم.
قایمقامی قەزای دوکان کە ناوی (منیره ابوبکر) بو نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر هاوولاتیانی ناوچەکە ئەوەندە لێی بێزاربون کە هەڵڕژانە سەرجادە و بەرپرسانیان ناچارکرد کەلایبەرن، بەڵام کەی بەرپرسانی ئەم وولاتە کارێکیان کردوە کەکەمترین ڕەزامەندی خەڵکی تێدابێت؟ لەجیاتی ئەو قایمقامە کەسێکی تریان هێنا کەمدیر ناحیەی پیرەمەگرونە و بەوەکالەت ئەو بۆشاییەیان پێ پڕکردەوە، بەڵام بەرپرسانی کوردستان هەر وەکو قوتابیەکی تەمەڵ بۆشایی ئەم ڕستەیەیان بەووشەیەکی گونجاو پڕنەکردەوە!!
پێتان سەیر نەبی کەدەڵێم تەنها بۆشاییەکی پی پڕکراوەتەوە، من مەبەستم ئەوەیە کەلێپرسراوانی خاوەن بڕیار لەبەر کێشە و ململانێ و دژایەتیکردنی یەکتر کەسیان ڕازی نەبون کەلەو هەموو پێشمەرگە کۆن و خاوەن خەباتەی ناوچەکە کەسێکی گونجاو وبەتوانا بۆ ئیدارەدانی ئەو ناوچەیە دابنێن بۆیە ناوبراویش بەخشکەیی ئەو هەلەی قۆزتەوەو تا لەئەنجامدا لە بێکەسیدا ئەو پۆستەی بەوەکالەت پچڕی! (ڕەجەب بو بە سەرپاڵە!) .
من هەر لەخۆڕاو هەڕەمەکی ناڵێم کەسێکی گونجاو نیە و ئامادەش نیم تانەو تەشەر لەهیچ کەسێك بدەم، بەڵکو دەمهەوی گەندەڵیی و بەسووك سەیرکردنی خەڵك لەلایەن بەرپرسانەوە ڕوون بکەمەوە کەچۆن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی ئاوا فراوان و وێران کەسێکی ئاوا بێ توانا دەدەنێن.
بەڵی ناوبراو لەجیاتی ئەوەی کەپێشینەیەکی خەباتکارانەی هەبێت بەپێچەوانەوە ئێستاش زەردێنەی سەلەفیەت بە دەنوکیەوە دیارە!!کە دەکرا مەلای گوندێك بێت نەوەك مدیر ناحیە یان قایمقام.
هەر لەبنەڕەتدا کەبڕیاربو مدیر ناحیەکان شەهادەی یاسایان هەبێت ناوبراو ئەو مەرجەشی تیانەبو و بەموخالەفە کرایە مدیر ناحیە چونکە دەرچوی زانستە ڕامیاریەکانە و ماوەیەك لە ناحیەی بنگرد مدیر ناحیە بو بەڵام هێندە لەڕووی ئیداریەوە فاشل بو هەر زوو لەبەر ناڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکە لەوێش لایانبرد و بردیانە ناحیەی پیرەمەگرون و هەموو خەڵکی پیرەمەگرونیش شاهیدی کەم توانایی و لێنەهاتویی ناوبراون کە لەماوەی کارکردنیدا دارێکی نەناوەتە سەر بەرد و ئیش و کاری ئەو ناحیەیە لەو ماوەیەدا ئاشێکە کەبەئیرادەی خوا دەگەڕی!
کاتێکیش کەبەوەکالەت کرا بەقایمقامی دوکان هەموو خەڵکی قەزاکە ڕەحمەتیان بۆ کفن دز نارد و سەد خۆزگەیان بەپار خواست چونکە ناوبراو تەنانەت دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کارمەندانی فەرمانگەکەی خۆیشی نیەو هەرزوو کەوتە بەر تانە وتەشەری فەرمانبەرانی دەوروبەری خۆی و لەوکاتەوەش کەدەست بەکاربوە تەنها خەریکی بەجێهێنانی ئەرکە شەخسیەکانی خۆیەتی کەبەکورتی لەم سی خاڵەدا خۆی ئەبینێتەوە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

1. خوێندن: لەبەر ئەوەی کە مەرجی مدیر ناحیەو قایمقامی تێدانیە چونکە دەرچوی کۆلیژی یاسا نیە تازە بەتازە خەریکە خۆی فریای ئەو مەرجە بخات و دەستی کردوە بەخوێندن لەکۆلیژی یاسا لەزانکۆی سلێمانی بێگومان بە ئۆتۆمبیل و سووتەمەنی حکوومەت (چ گەندەڵستانێکە!!! قەزایەك و ناحیەیەکی گەورەو گران مەکتەبلیەك بەڕێوەی بەرێت!!!)

2. بەردەوام لەهەوڵی قایمکردنی کورسیەکەیدایە کەبەیەکجاریی جێگیری بکەن و ئەو وەکالەتەی لێبکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وەکو کەرکەدەنەکەی ئەفلام کارتۆنی منالأن هەر جارەو ڕەنگێك دەنوێنی و لەهەر شوێنەو هەڵوێستێکی هەیە، لەشوێنێك پیاوی دیوەخانی جافە و لەشوێنێکی تر حاشا لەجاف دەکات و ڕەچەڵەکی خۆی دەکاتە (بابان)، لەکاتی هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکانی (ی، ن، ك) دا هاوکاریی بەرەی ڕیفۆرمی دەکرد و لەدوای هەڵبژاردنیش دەست لەسەر سنگ بۆ مەڵبەند دەوەستێت، هەر ئەو خوایەش دەزانێت لەدەرەوەی دوکانیش لەدەرگای چەند بەرپرس دەدات و بەئاوازی هەموشیان هەڵدەپەڕێت!!!! بەڕاستی زۆر لەم کارەدا بەسەلیقەیە!ئەو دەیەوێت هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانی ناو یەکێتی لەخۆی ڕازی بکات (ئەگەر ئەو هەموو سەلیقەو توانایەی بۆ خزمەتکردنی ناوچەکە بەکار بهێنایە هیچ گیرو گرفتێکمان نەدەما!!) .

3. سات وسەودای سووتەمەنی: ئەمیش وەکو زۆربەی بەرپرسەکانی تر دەزانێت کەخێر وبەرەکەت ها لەسووتەمەنیدا و لەبەر ئەوەی پۆستەکەشی جێگیر نیە دەیەوێت شتێ پێکەوە بنێت بۆ ڕۆژی ڕەش، بۆیە پەیوەندیەکی گوماناوی لەگەڵ سەرچاوەکانی سووتەمەنیدا هەیە و جار بەجارێکیش لەبەرمیلەکەی فەرمانگەکەی دەبەیەکی 20 لیتریی نەوت دەباتەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە گوماناویەی پی داپۆشێت.

بەڕێزان من دەپرسم ئاخۆ بەرپرسان دەیانەوی تۆڵەی چی لەمیللەت بکەنەوە کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ سنورێکی ئاوا بەرفراواندا دەکەن و تەنانەت بەرپرسێکی خاوەن هەڵوێست و بەتوانا و دڵسۆزی پی ڕەوانابینن کە کەمێك خزمەتی خەڵکە خێر لەخۆ نەدیوەکەی بکات؟؟؟؟

2007 .4 .25

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.